**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (19)ی رۆژی (2007/11/5) بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە(30 )ی ساڵی / 2007

## یاسای پشکنینی بۆ ماوەیی خوێن

## (کەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ـ تەلاسیمیا ـ) پێش هاوسەرگیریی

**ماددەی یەکەم:**

پشکنینی تەواوی شێوەی خوێن پێش ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیریی دەکرێ و لەکاتی گومان پەیداکردن لە بوونی نەخۆشی کەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ((تەلاسیمیا)) کە لە رێگەی بۆ ماوەییەوە دەگوازرێتەوە ئەوسا پشکنینی خوێنی تایبەت بەو نەخۆشیە دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

بنکەی تەندروستی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی پشکنینی تاقیگەیی هەڵدەستێ و لەبارێکی کە دەرکەوت ئەوانەی داوای بەستنی هاوسەرگیرییان کردووە تووشی ئەو نەخۆشیە بوون. ئەوا راپۆرتێك رێك دەخرێ و توندیی نەخۆشیەکە و رێژەی (واتە ژمارەی منداڵەکان) کەوا چاوەڕوان دەکرێت لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە تووشی ئەم نەخۆشییە بن ،ئەنجامی بۆ ماوەیی سەلبی ئەو هاوسەرگیرییە پێشکەش بە هەردووکیان وبەو لایەنە دەکرێت کە داوای پشکنینەکەی کردووە و ئەمەش بۆ مەبەستی هوشیارکردنەوە و رێنمایی کردن دەبێت.

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر دادگاکان هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیریی جێبەجێ نەکەن تاکو راپۆرتی ناوبراو لە ماددەی دووەم لەم یاسایەدا پێشکەش نەکەن و لە بارێکدا کە راپۆرتەکە نەخۆشیەکەی دەسنیشان کردبوو، دەبێ ناوەڕۆك و ئەنجامەکەی لە داواکارانی هاوسەر گیرییەکە بگەیەندرێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە وەزیری تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێ.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان – عێراق**

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەوەی کە نەخۆشی (تەلاسیمیا) زیانی ماددی وتەندروستی دەروونی بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەگەیەنێ وباری سەرشانی دەوڵەت بە کارو بە خەرجی دارایی گران دەکات و لە پێناوی کۆنترۆڵ کردنی ئەم نەخۆشیە و بۆ دانانی ڕادەیەك لە بەردەم بڵاوبوونەوەی بۆ نەوەگاتی دا هاتوو و لە پێناوی هوشیار کردنەوە و ڕێنمایی داواکارانی هاوسەرگیریی بۆ ئەنجامە سەلبیەکانی کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەونەوە و لە پێناوی خولقاندنی نەوەیەکی هوشیار و ساغی دوور لە نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان (الوراثي) ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسەیە بەبڕیاری ژمارە (37) لەساڵی 2007 لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا**